# ڕیفۆرم و نوێکاری (تجدید)

**ئازاد قەزاز**
azad60@hotmail.com

لەم ڕۆژانەدا لە کەنالی ئاسمانی کوردساتەوە ئەلقەیەك لە بەرنامەی (کەلتور و ڕۆشنگەری) لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی (ئومێد قەرەداغی) و بە میوانداری د. ئاوات و بەهمەن تاهیر سەبارەت بە هەردوو تێرمی ڕیفۆرم و نوێکاری پەخشکرا. پێشتریش (بەهمەن تاهیر) پرسیارێکی هەر سەبارەت بەو بابەتە ئاراستە کربووم. لێرەدا دەمەوێ چەند سەرجێك سەبارەت بەو گفتوگۆیەی کە ئەو دوو میوانە لەو بەرنامەیەدا ئەنجامیان دا و هەروەها ڕای خۆشم سەبارەت بە هەمان بابەت بخەمەڕوو.

لە وێدا ڕیفۆرم و نوێکاری وەك دوو تێرمی جیاواز قسەی لەسەر دەکرا. بۆ گۆڕانکاری سەبارەت بە ئایین لە لایەن کەسانی دەرەوەی ئایینی مەسیحی تێرمی (ڕیفۆرم) بەکاردەهات, بۆ گۆڕانکاری سەبارەت بە ئایین لە ناو خودی ئایین لەلایەن ئاییندارانەوە, (نوێکاری= تجدید) بەکاردەهات. کە یەکەمیان ڕێبازێکی ئەوروپی بووە و دووەمیشیان ڕێبازێکی ئیسلامیە.

دیار بوو بەهمەن دەیویست باس لە گۆڕانکاریەکی سەرلەبەر بکات و چەمکی ئایین لە ڕەگ و ڕیشەوە بگۆڕێت. بە بۆچونی ئەو ئەو گۆڕانکاریە بنەڕەتیە لە ئەورپادا سەبارەت بە ئایینی مەسیحی پەرپاکراوە و زانایانی ئایینی نەیانکردوە, بەڵکو بیرمەندان و زانایانی دەرەوەی ئایین ئەو گۆڕانکاریانەیان بە ئەنجام گەیاندوە, بۆیە ناوی ڕیفۆرمی لێدەنا. بەڵام د. ئاوات دەیویست باس لە گۆڕانکاری لە ناو خودی ئاییندا بکات. ئەو پێی وابوو کە کەسێك خۆی لە ناو بابەتێکدا نەبێ چۆن دەتوانێ نوێکاری لەو بابەتەدا بکات, هەروەها ئایینیش ئەو حاڵەتە دەیگرێتەوە. لێرەدا پرسیارێك دێتەکایەوە ئایا گۆڕانکاری, لە دەرەوەڕا کاریگەری دەبێت, یان لە ناوەوەڕا. دیاربوو بەهمەن لایەنگری دەرەوەڕا بوو و د. ئاواتیش لایەنگری ناوەوەڕا بوو.

ئەمە بە کورتی پەیامی ئەو گفتوگۆیە بوو ,وەك ئەوەی من لێی تێگەیشتبێتم.

ئیتر لێرەوە ڕاو و سەرنجی خۆم لەمەڕ ئەو بابەتە دەخەمەڕوو. بە بۆچونی من هەرچەن بەهمەن ئەو مەبەستەی کە هەییوو ماقول و پەسەندکراوە, بەڵام لەگەڵ ئەو بۆچوونەیدا نەبوم کە ڕیفۆرم لە لایەن کەسانی دەرەوەی ئایینی مەسیحیەوە کرابێ, بەڵکو ڕیفۆرم لە ئەوروپادا بۆ ئەو نوێکارییانە بەکارهاتوە کە لە ناو ئایینی مەسیحیدا لە لایەن بۆ نمونە (مارتن لۆسەر)ەوە کە یەکەم ڕیفۆرم لەسەر دەستی ئەو بەرپاکراوە و, ڕیفۆرمی دووەم لەسەر دەستی(جۆن کالڤن) کە هەردووکیان دوو پیاوی کارای ناو ئاینی مەسیحی بوون. جگە لەوەش بزاڤە ئاینیەکانی تریش کە لەو سەروبەندانەدا لە بەریتانیا بە ناوی (ئەنگلیکانیزم) چالاك بوون, هەمان تێرمی ڕیفۆرمیان بۆ بەکارهاتوە, ئەمانیش هەر لە ژێر کاریگەری ڕێبازی پرۆتستانتی لۆسەر و کالڤین جولاونەتەوە و بە هۆی ئەوانەوە خۆیان لە ڕێبازی کاسۆلیکی ڕۆما دابڕاندووە. بۆیە لێرەدا دەڵێم ڕیفۆرم م نوێکاری هەر یەك واتا دەبەخشن ئەمیان بە لاتینی و ئەویتریان بە کوردی یان تجدید بە عەرەبی.

بەڵام ئەو زانا و بیرمەندانەی کە لە دەرەوەی کایەی ئایینی لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی زانستە مرۆییەکانەوە کاریگەرییان لەسەر ئایین ئەنجامی داوە, ناوی ڕیفۆرمیستیان لێ نەنراوە. ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە ناوی زانستە ئایینیەکانی لێنراوە, واتە ئەو زانستە مرۆییانەی کە دیاردەی ئایینی پێ خوێندراوەتەوە. وەك سایکۆلۆژیای ئایینی, سۆسیۆلۆژیای ئایینی, ئەنترۆپۆلۆژیای ئایینی,( زانستی سیاسی و ئایین) و فەلسەفەی ئایینی. ئەم لێکۆڵینەوانە لەسەدەی نۆزدەوە دەستی پێکردوو– ئەمە پێویست بە تەئکیدکردن دەکات–. خۆ ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم ئەوا لێکۆڵینەوەی فەلسەفی سەبارەت بە

ئاين وەك فشارێکی دەرەوە لە (سپینۆزا) وە دەستی پێکردووە کە بە روانەگەیەکی فەلسەفی تەورات و ئینجیل دەخوێنێتەوە. گومان لەوەدا نیە کە لە ئەوروپادا کایەی ڕیفۆرمی ئایینی جیاوازە لە کایەی زانستە ئایینیەکان, لەگەل ئەوەشدا ئێستە لە هەندێ خالدا یەکدەگرنەوە.

کەواتە گۆڕانکاری بە دوو ئاقاردا دەڕوات: یەکەمیان لە دەرەوەی ئاین و دووەمیان لە ناوەوەی ئایین, فشار دەخەنە سەر ئەو ئایینەی کە زمانحالی خوازیاری نوێبوونەوەیە. لە هەمان کاتیشدا ئەم دوو ئاقارە کار لەیەکتریش دەکەن, بە جۆرێك جاری وا هەیە ئەم دوو ئاقارە دەگەنە یەك دەرئەنجام. دەتوانم بلێم دیاردەی (ڕۆحیگەری) کە ئەمڕۆ لە ئەوروپادا دەنگی بەرزە دەرئەنجامی ئەو دوو ئاقارەیە. واتە زانستی ئایینی کە لە دەرەوەی ئایین لە دیاردەی ئایین دەکۆلێتەوە و ڕیفۆرم (نوێکاری=تجدید) کە لە ناوەوەی ئایین کاریکردوە گەیشتونەتە ئەوەی کە مرۆڤ پێویستی بە ئایین هەیە, بەلام ئەم ئایینداریە بەرهەمی مرۆڤ خۆیەتی, مرۆڤ خۆی پێویستی بە ڕەهەندی ڕوحی هەیە و هەر چەمکی خوایەتیە ئەو ڕەهەندە تێردەکات. بەلام خودی خوا خۆی بوەتە نهێنیەك و مرۆڤی سەرسام کردوە. من خۆشم لە نامیلکەیەکدا بە ناوی سایکۆپۆلتیك هەولێکم داوە باسێك لەو نهێنیە بکەم, هەروەها بە هەردوو ئاقارەکەدا وتارم نوسیوە ( خوێندنەوە و بە ناکامکردنی پڕۆژەی ژیاری ) و ( عیلمانیەت و قەیرانی پیرۆزگەرایی) دوو ووتاری ڕەخنەیین بە ئاقاری ناوەکیدا و (ئیسلام لە محەمەدەوە تا بن لادن) وتارێکی ڕەخنەییە بە ئاقاری دەرەکیدا.

لەو گفتوگۆیەی بەرنامەکەدا ئەوەشدەرکەوت کە د. ئاوات و بەهمەن تاهیر دوو دیدی جیاواز بوون و هەریەکەیان هەقێکی پێ بوو. بەلام هەریەکەیان جەختی لەسەر ڕێبازی خۆی دەکردەوە. دیارە لەم قۆناغەدا ئەمە شتێکی ئاساییە کە لەم جۆرە گفتوگۆیەدا ڕوو بدات. چونکە هەردوو دیدەکە ئەوە دەخوازێ کە بەرەو پێشتر بچێت, تا ئەو سات و کاتەی دەگەنە یەك, ئەم بەیەکگەیشتنە لەم کاتەدا تا ڕادەیەك موستەحیلە و چەندین نەوەی تری دەوێت تا نوخبەیەك پەیدا بێت و هەردوو ڕەهەندەکە لەخۆ بگرێت. لە قۆناغی ئەمڕۆی ئەوروپادا تا ڕادەیەك نوخبە گەشتۆتە ئەو ئاستە. یانی بەرەیەك نیە بلێ ئاین هیچ نیەو بەرەیەکیش بلێ ئاین هەموو شتێکە, لێرەدا مەبەستم لە کایەی زانستیە نەك خەلکی گشتی.لەو کایە زانستیانەدا ئایینەکان گشتیان بوونەتە مێژوویەك و لێکۆلینەوەی لەسەر دەکەن, بەلام ڕەهەندی ڕۆحی لە چوارچێوەی مرۆکردیدا گرنگی خۆی وەرگرتووە .

ئەم بوارەی من لێرەدا باسی لێ دەکەم, بوارێکە یاسا و دەستور و سرووت ناگرێتەوە, بەلکو باسی چەمکی خودی خوا خۆی و ئەو ڕەهەندە ڕوحی و میتافیزیکیەیە – مەبەستم میتافیزیکا بە مەفهومی کۆن نیە بەلکو بە مەفهومی پۆست مۆدرنە– کە مرۆڤ هەستی پێدەکات. چونکە تێکڕا بوارەکانی تری ئایین, –کە لە ناو ئیسلامدا فیقە و شەریعەت دەگرێتەوە– لەسەر زەمینەی چەمکی خوایەتی تاییەت بە خۆی خۆی ڕاگرتوە. گەر ئەو چەمکە گۆڕانی بەسەردا نەیێت, بێگومانم گۆڕان لە بوارەکاتی تردا سەختە. هەرچی نوێکارییەك لەم بوارەدا ئیمرۆ بکرێت هەردوو ئاقارەکەی پێوە دیارە. عیلمانیەت فشارێکی دەرەکیەو حالی لاوازی ( مەعریفی, مۆرال و سیاسی) موسلمانەکان فشارێکی ناوەکییە, بەلام تا ئێستا کەسێکی وا شك نابەم نە لەناوەو نە لەدەرەوە بتوانێ ئەم دوو فشارە وا بەکاربێنێت کە بگونجێ لە گەل کۆمەلگای ئیسلامیدا بە گشتی و کۆمەلگای کوردی بە تاییەتی, چونکە هەرکۆمەلگایەك تاییەتمەندێتی خۆی هۆی هەیە و دەبێ ڕەچاو بکرێت.

دیارە فقە و شەریعەت بە درێژایی مێژووی ئیسلام تا چەمکی خوایەتیش چاکسازی و گۆڕانکاری زۆری بەسەردا کراوە, بەلام ئەو پڕۆسەیە دەگاتە ئاستێك کە ئیتر بە بێ نزیك بونەوە لەو هێلە و گۆڕانکاری لە و چەمکەدا, توانای چاکسازی نامێنێ. ئەمە ئەو دەر ئەنجامەیە کە لەو وتاری ( ئیسلام لە موحەمەدەوە تا بن لادن) پێگەیشتووم. واتە ئیسلام کە 1400سالە ناو مێژوودا هەیەو, لەم چوارچێوەیەشدا کە بە ئێمە گەشتوە, دینامیکیەتی لێبڕاوە و مۆتیڤی گۆڕانکاری تێدا خنکاوە. هۆکاری سەرەکیش ئەوەیە کە ڕەهەندی مەعریفی تێدا کارناکات. کۆی بزاڤەکانی ئەمڕۆی ئیسلامی بزاڤێکی سیاسین و دەسەلات تاکە مەبەستیانە, ئەو دەسەلاتە سیاسیەش شەرعیەت لەو ڕابردوە وە وەردەگرێت. هەر گۆڕانێك با (پۆزەتیڤ) یش بێت توخنی ئەو ڕابردووە بکەوێ دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی لەق دەکات.

ئەگەر لە ڕووی مەعریفیەوە ئیسلامی ئەمڕۆ بەراوورد بکەی لەگەل ئاستی مەعریفە کە لەم سەردەمەدا پێی گەیشتوە, دەبینی مەعریفەی ئیسلام لە ئاستێکی دواکەوتودایە. چونکە سەدان سالە ئەو مەعریفەیە وەستێنراوە. بۆ ئەوەی لەم وەستاویە ڕزگار بکرێ هەردوو ئاقارەکە, ناوەکی و دەرەکی پێویستە. ئەم بۆچونە نە ئەوەیە ئیسلام وەك ئەزموونێکی ناو مێژوو ڕەت کاتەوە نە ئەوەشە پیرۆزی کات. گەر مرۆڤ بۆی بکرێ بازێك بەسەر مێژوودا بدا و سەرلەنوێ دەست پێبکاتەوە, ئەوە مانای وایە هەنگاوێکی زۆر گەورە دەنرێت بەرەو پێشکەوتن. بەلام ئەوەش کارێکی تا بلێی سەختە. دەشێ مرۆڤێك بتوانێ بەو کارە هەستێت, واتە بە خۆیدا بچێتەوە و زۆر شت لە خۆیا ڕاتەکێنێ و خودی خۆی نوێکاتەوە ئەمەش چەندین قۆناغ بە مرۆڤ دەبڕێت و چەندین سالی دەوێت. بەلام بۆ کۆمەلگە کارێکی سەختترە و چەندین سەدە دەخوازێت.

کاتێ ئێمە باس لە ئیسلام دەکەین, هێندە باس لە واقع و کۆمەلگە دەکەین, هێندە باس لە دەق و تیۆری ناکەین. بە هەر بارێکدا بڕوانیتە ئێستای جیهانی ئیسلامی لە ڕووی مەعریفیەوە هەژارترین سەردەمیەتی, نە لە ناوەوە دەنگێکی وا ڕیفۆرمست هەیە نە لە دەرەوەش دەنگێکی زانستی وا هەیە بتوانێ گۆڕانێك بەسەر ئیسلامدا بهێنێت. کە دەلێم ئەمانە نین واتە نە مرۆڤەکان لەو ئاستەدا بیر دەکەنەوە و نە دەزگاش هەیە کارێکی لەو جۆرە ئاسان کات. هەرچەند پێویستە دان بەوەدا بنێین کە جۆرێك لە ڕیفۆرم لە سەر دەستی چەند بیرمەندێکی عەرەب وەك ئەرەگۆن و ئەبو زەید و کەسانی تریش کراوە. بەلام هێشتا لە ڕووی مەنهەجیەتەوە نەگەشتۆتە ڕیفۆرمێك کە لە ئاستێکی پێویستدا بێ. ((ئەمەی کە وتم هەر مەزنەیەکە چونکە ماوەیەکە بە هۆی خوێندنەوە, دابڕاوم لە بە ئاگابوون لە نووسەرانی عەرەب و کورد تا بزانم لەو بوارەدا چیان نوسیوە. تا ئێستاش سەدایەکی وا نەبووە تا سەرنجی مرۆڤ ڕاکێشێت, جگە لەو حالەتەی ئەبوزەید و ئەم دواییەش تورابی. من خۆم ئەو ڕێبازەی تورابی بەزانستی نازانم هەر لەوە دەچێ ویستبێت دەنگ وباسێك پەیدا کات و لە ئوسلەبی ئایان هێرشی ئەلی لە هۆلەندا دەچێت )).

لە ئەمڕۆدا ڕیفۆرم لە ئیسلامدا لە ڕووی مەعریفیەوە لە سەرووی هەموویەوە چەمکی خوایەتی, بۆ کۆمەلگەی ئیسلامی تا بلێی پێویست و گرنگە تا بیگەیەنێتە قۆناغی ( ڕاگوێزان )ەوە. واتە لە قۆناغی یەك ئایینی و سەروەرێتی و هەلگری موتلەقیەت بۆ قۆناغی فرە ئایینی و یەکسانبونی ئیسلام بە وانی تر و هەلگری ڕێژەیی تا بتوانێ لەگەل ئیمڕۆی عیلمانیەت و دیموکراسیەتدا هەل بکات. ئەمە وەك ریفۆرمێك لە ناو ئاییندا زۆر گرنگە. بەلام زانستە مرۆییەکانیش دەبێت لەدەرەوەی ئاین کاری خۆیان بکەن تا ئاستی هوشیاری مرۆڤگەلی لەمەڕ خۆمان بگاتە ئەو ئاستەی لە دیاردەی بوونی ئاین و بوونی چەمکی خوایەتی لای مرۆڤ تێبگەن, تا لە بەندیخانەی ئایدیۆلۆژیای ئاینی – نەك مەعریفە و ڕەوشتی ئایینی– قورتاربن. بەلام ڕەنگە ئەم کۆمەلگەیە بۆ ئەمەش پێویستە چەند نەوەیەك بەڕێکات, تا بگاتە ئەو حالەتی ڕاگوێزانە. هەر کاتێ تێگەیشتن لە چەمکی خوایەتی بووە تێگەیشتنێکی ڕێژەیی, ئەو کات ئەو شەریعەتە کە بە ناویەوە ئەدوێ, ئەویش ڕەنگی ڕێژەیی وەردەگرێت. ئیتر مرۆڤ ئەو قۆناغە دەبڕێت کە ئەو عەقیدەیەی ئەم هەلیگرتوە خاوەنی موتلەقێك بێت و دەبێ گشت مرۆڤێك و ئایین و نەتەوەکانی تر مل کەچی ئەم بن. موتلەقیەت لە هەر عەقیدەیەك و بیروبۆچونێکدا حالەتێکی دەروونی وا لە مرۆڤدا دروست دەکات لای سپینۆزا ئەو حالەتە پێی دەوترێ (سوپەریور ) واتە خوای خۆی دەکاتە بالا دەست تا لەوێوە شەریعەتەکە و خۆشی بالا دەستییان دەست کەوێت. ئەم حالەتە دەروونیە لای ئاییندارەکانی ئەوروپا زۆر بە جوانی شی بوەتەوە و قۆناغی (موتلەقێت) یان بڕیوە.

ئەو حالەتە (سوپەریۆر )ە لای خۆمان تەنها لە ناو ئیسلام و ئیسلامیەکاندا بەدی ناکرێ بەلکو ئەو حالەتە لای پارتەکانی تریشدا دەردەکەوێ. لای پارتەکان بە ناوی ( پارتی پێشەنگ ) و ( تاکە ڕێباز ), خۆ ئەگەر ئەو ناوەشی لێ نەنرێت, ئەو پیا هەلدان و وەسفکردنە هەریەك بۆ پارتەکەی دەیکات, دەرئەنجام هەر ئەو (سوپەریۆر) ەی لێدەکەوێتەوە و دەبێ پارتەکانی تر لە بن دەستی ئەمدا جێی خۆیان بکەنەوە. ئەم ڕۆحی سوپەریۆرە بە ئاشکرا لە دواندنەکانی پارتی و یەکێتیدا ڕەنگدەداتەوە. مرۆڤ یان کۆمەلگە گەر هوشیار نەبن ئەو حالەتە دەررونیە بەبەردەوام وەك پالنەرێکی نەستی دەیانبزوێنێت, جا ئیتر بە هەربیانویەکەوەبێت, بەناوی خواوە بێت بەناوەی نەتەوەایەتیەوە یان بەناوی ڕابووردوی تێکۆشانیەوە بێت کە

بەزۆری زۆردارەکی دەیسەپێنێت, گرنگ نیە هەرچی بێت, گرنگ ئەوەیە ئەو کەسە بالادەست بێت.

ململانێ لە نێوان پارتە ئیسلامیەکان و پارتی و یەکێتیدا لێرەوەیە سەرچاوە دەگرێ. ئیسلامیەکان هەولدەدەن ڕێك و ڕاست ئیسلام بالا دەست بکەن چونکە خوای ئەوان خوایەکی بالادەستە و لەوێشەوە خۆیان بالا دەست دەکەنەوە, بۆیە هەولی بە فەرمی کردنی ئیسلام دەدەن. پارتی و یەکێتیش بە تایبەتی بارزانی و تالەبانی توانای هیچیان نیە بەرامبەریان, چونکە هەر هەمان خوای ئەوانیان هەیە و نازانن چی بکەن دەستەوسان ماونەتەوە. هەر بۆیەش هەمیشە لە مەلاسدان بۆیان و زۆرجاریش هێز بەکاردێنن بەرامبەریان. کۆی هەموو ململانێکەش کە لە پێناو دەسەلاتدایە ململانێیەکی نەستی یە و خوا و ئایین و نەتەوایەتی کراونەتە دەمامك و قەلغان.

کەواتە لەو بەرنامەیەدا بەهمەن وەك فشارێکی دەرەکی و د. ئاوات وەك ڕیفۆرمستێك بە فشارێکی ناوەکیەوە دەردەکەوتن (وەك خۆی دوعای کرد: خوایە ئیسلام بەسەر موسلمانەکاندا سەرخەی). بەهمەن نمونەی فرەژنی هێنایەوە وەك گرفتێك, بەلام وەلامی د. ئاوات فرەدۆستی وەك گرفت بە نمونە هێنایەوە , لەولاشەوە بونی زۆری جەنگ و کوشتاری کردە بیانوو بۆ فرەژنی و وەك بەربەستێکی دایە قەلەم لەبەردەم گرفتی فرە دۆستیدا. بەلام بیر لەوە ناکاتەوە کە هەر ئەو حالەتە (سوپەریۆر )ەی کە فرەژنی بە چارەسەرێکی موتلەق دادەنێ , هەر ئەویشە کە بۆوەتە هۆی جەنگ و کوشتاری زۆر. خواستەکەی بەهمەن خواستێکی مرۆڤدۆستیە بەلام خواستەکەی د. ئاوات خواستێکی دەقدۆستیە. ئەو بەرگری لە دەقێکی پیرۆز دەکات و دەیەوێ مرۆڤ, لە پێناوی پیرۆزی دەقێکدا و تا ئەو دەقە بۆ هەموو کات و شوێنێك بشێت, تەسلیمی بێت واقعەکەش هەروا بهێلرێتەوە.

هەرچەن پێم وایە د. ئاوات قۆناغێکی چاکی بڕیوە و گوتاری ئیسلامی سیاسی تێپەڕاندوە و بە ئەقلی خۆی لە ئیسلام دەکۆلێتەوە. بەلام ئایا ئەو شەریعەتەی ئەمڕۆ کە تا ئێستا بۆ کۆمەلگەی ئیسلامی (وەك دەلێن) گونجاوە, نەك هەر ئەوە بەلکو کراوەتە موعجیزەیەك کە بۆ هەموو سەردەم و شوێنێکیش دەشێت, ئایا زەمینەی کۆمەلگەی ئیسلامی کاتێ کە سیستەمی دیموکراسیەت و مەدەنیەتی تێدا چەسپا, نیوە بەش و نیوە شایەتی و فرەژنی پێ قبول دەکرێت ؟؟

من دەلێم تا ئێستەش کۆمەلگای ئێمە ئەو یاسا و ڕێسایانەی ئیسلامی تا ڕادەیەك پێپەسەندە, چونکە ڕاگوێزانێکی بنەرەتی بەسەردا نەهاتووە بەلام بێگومان لە ڕێدایە. جا ئەو ڕاگوێزانە چەند دەیان سالی تر دەخایەنێت ؟ نازام.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە کۆمەلگەی ڕۆژ ئاوایی هەموو کێشەکانی چارەسەر کردبێت و کۆمەلگەی ئیسلامیش بەم شەریعەتەی ئێستا هیچی پێنەکرابێت. نەخێر نە ئەم شەریعەتە بە تەواوی لە بەها دەخەم و نە بە های ئەوەی ئەوروپاش دەسەلمێنم. تەنها ئەوەندەیە کە گوتاری ئیسلامی ڕێگە بە خۆی و بە ئێمەش بدات کە بتوانین بلێین هیچ جۆرە یاسایەك نیە بتوانێ چارەی سەداسەدی گرفتەکانی هەموو سەردەم و شوێنێك, بکات. نە شەریعەتی ئیسلامی و نە نا ئیسلامیش. مرۆڤ دەبێ دان بەوەدا بنێ یاسا و ڕێساکان مرۆڤکردن و دەبێ بە بەردەوامیش بە گوێرەی پێویستیەکانی مرۆڤ لە گۆڕاندا بن, نەك دەق سەروەر و مرۆڤیش کۆیلە بێت. مرۆڤ خۆی دەق دروست دەکات و دەیکاتە سەروەر تا ئەو کاتەی پێویستە, دوای ئەوە خۆی ئەو سەروەریە وەردەگرێتەوە و دەقێکی تر دەخولقێنێت کە باشتر و جوانتر و چاکتر لەوەی پێشوو. ئەم پڕۆسەیە وەختی خۆی لە قورئاندا جێبەجێکراوە. (( ما ننسخ من اية او ننسها ناتي بخير منها.....)) لە ماوەی 23 سالدا دەق هەبوە نەسخ کراوە و دەقی تر جێی گرتۆتەوە. کەچی بۆ چەندین سەدە کە چەندین گۆڕانکاری ڕوویداوە, پڕۆسەی لەو جۆرە گونجاو و شیاو نەبێت. ئەی چی وایکرد عومەری کوڕی خەتتاب لە سەردەمی خۆیدا بوێرانە ئایەتی وەك – مۆلفە قولبهم – جێبەجێ نەکات. نهێنی سەرکەوتنی ئەوان لەوەدا بووە کە ئەم پیرۆزگەراییەی ئەمڕۆ بەرچاوی موسولمانانی گرتوە, سەردەمەکانی سەرەتای ئیسلام بەو جۆرە نەبووە. بۆیە موسولمانەکان یەکەمجار دەبێ لەم قۆناغی پیرۆزگەراییە قورتار بن, ئەو کات دەگەنە قۆناغی ڕۆحیگەریەی کە ئێستا مرۆڤگەلی ئەوروپی لێی دەدوێن. بە بۆچونی من بڕینی قۆناغی پیرۆزگەرایی ناتوانرێ بازی بەسەردا بنرێ بە تایبەتی بۆ نەتەوەی عەرەب , هەرچەند بۆ نەتەوەی کوردیش هەر زەحمەتە بەلام وەك ئەو زەحمەتە نیە کە بۆعەرەبە, بۆیە من لەو نامیلکەیەدا هەولمداوە بازێك بە نەتەوەی کورد بەسەر قۆناغی لابردنی پیرۆزگەرایی بدەم و

بیگەیەنمە قۆناغی ڕۆحیگەری. چونکە لە ناو نەتەوەی کوردا توێژێك هەن تا ڕادەیەك ئەو قۆناغی لابردنی پیرۆزگەراییان بڕیوە_ هەرچەندە شێوازی ئەو قۆناغ بڕینەیان شێوازێکی مونسیفانە و زانستیانە نیە و ئەنجامێکی باشیشی لێنەکەوتۆتەوە. چونکە لە پێناوی گەیشتن بە حەقیقەتدا نەبوە بەلکو پەرچەکردارێك بووە کە لە ئەنجامی چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد لە لایەن عەرەبەوە, دروست بووە. بەلام هەرچۆن بێ ئامادەن کە پیرۆزگەرایی تێپەڕێنن. دیارە پێویستیان بە ڕێبازێك هەیە کە شێوازی تێپەڕبونەکەیان ڕاست بکەنەوە , خوێندنەوەی خۆیان بۆ ئیسلام و قورئان و هەم مێژووی خۆشیان بگۆڕن. چونکە کاتێ دەلێین چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد لە لایەن عەرەبەوە ئەوە ناگەیەنێ کە نەتەوەی عەرەب بە تێکڕا بەشدار بوبن لەو چەوساندنەوەیە و دوای ئەوەش کورد خۆیشی بەشدارە لەو چەوساندنەوەیەدا, بەلام ئەوە تازە لەو توێژەی نەتەوەی کوردیدا بوەتە گرێیەکی دەروونی. ئەویش لەبەر ئەوەی کورد بە درێژایی مێژوو لە حالی سایکۆلۆژی و ڕوحی خۆی ناهۆشیار بوە.

پوختەی ووتە ئەوەیە کە هەم دیدی د. ئاوات و هەم دیدی بەهمەن تاهیریش دەبێ کارا بکرێت تا مرۆڤگەلی ئێمە بە زووترین کات لە ئایدۆلۆژیای ئایینی بە گشتی و مەعریفەی ئیسلامی بەتایبەتی هۆشیار بێتەوە, چونکە گۆڕانکاری لە بابەتێکدا سەرناگرێ بە بێ گۆڕانکاری لە ناوەوەی ئەو بابەتە هەر وەك د. ئاوات خۆشی ئاماژەی پێدا و وتی: کەسێك خۆی لە شتێکدا نەبێ چۆن ئەتوانێ گۆڕانی تێدا بکات. ئەم بۆچونەی ئەو نزیکە لە ڕاستیەوە بەلام خۆ ئەگەر د. ئاوات تۆزێ تر ڕێگا بە هزری خۆی بدات , هەلبەتە نزیك دەبێتەوە لە دیدەکەی بەهمەن تاهیر.

ئەمانەی هەمووی کە وتمان سەبارەت بە تێپەڕاندنی قۆناغی پیرۆزگەرایی, هیچی ئەوە ناگەیەنێ کە قورئان هیچی پێنەماوە. نەخێر, هەندێ بابەت و چەمك هەن بەهایەکی هەمیشەیی وەردەگرن, ئەوانەشن پەیامی ڕاستەقینەی قورئانن. خۆئەمەش تایبەتمەندیەك نیە تەنها قورئان بگرێتەوە. بەلکو هەموو کتێبە ئایینەکان و ڕێبازە فەلسەفی و سۆفیگەریەکانیش دەگرێتەوە.

بە بۆچونی من ئەگەر ئێستاش ئیسلامیەکان ئەو جۆرە دەقانە کە سیفەتی هەمیشەییان هەیە لە گوتار و پرۆسەی پەروەردەییاندا بەکار بێنن, و هەول بدەن لە جێبەجێکردنیدا زیاتر جەختیان لەسەر بکەنەوە, ئەوا جیهانی ئیسلامی بە تەواوەتی و بەرەو باشتر دەگۆڕێ. لەو دەقانە بۆ نمونە ( اذا قلتم فاعدلوا و لو کان ذا قربی ) و ( ان الله لا یغیر ما بقوم حتی یغیر ما بانفسهم ) بەلام ئەوان بێن و بلێن ئێمە(صالح و مصلحین ) و دروشمی ( **الجهاد فی سبیل الله** ) و ( ان ارید الا الصلاح ... ) بەرز کەنەوە, بێگومان بە ڕوحێك و زهنیەتێکی سوپەریۆریەوە لە وانی تر دەڕوانن, کەچی لە زەمینەی واقعی ئیمڕۆدا پەککەوتوترین ئومەتن .

دیارە ئەو دەقانەش کە سیفاتی هەمیشەییان هەیە, مەبەست و ئامانجەکانیان هەروا بە خوێندنەوە و پیرۆز ڕاگرتن و وتنەوەیان لە گوتار و ئامۆژگاریەکاندا و هەلواسینیان بەلای سەریانەوە بەدی نایەت, بەلکو دنیایەك زانستی دەروونی و کۆمەلایەتی و فەلسەفی دەخوازێ بۆ ئەوەی هەندێکی لە زەمینەی واقعدا ڕەنگ بداتەوە.

---

ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی چاودێر ژمارە 94 بلاوبووەتەوە